# ئەرێ وەفیق سامەڕائی تاوانبار نیە؟

**بانگەوازێک لە شێوەی پرسیاردا.**

**عەلی مەحمود محەمەد**

**کاتێک کە دۆزی خەزرەجی هاتە پێشەوە، بیروڕای کشتی کوردی بە گەرمییەوە پێشوازییان لێ کرد، پاشان بە ناچاری پارتە سیاسیەکانی هێنایە ناو هەڵوێست گرتنەوە. بە دواییدا چرای سەوز بۆ بەشێک لە ڕێکخراوە پاشکۆکان هەڵکرا کە هەڵوێست وەرگرن و پشتگیری لە دادگایی کردنەکە دەربرن. لێرەوە دەیان نامەی پشتگیری لە دادگاییکردنی خەزرەجی نێردران بۆ وەزارەتی دادی دانمارکی.**

**دیارە لەم نێوەدا ڕۆڵی گرۆپی هەوڵەکانی خەزرەجی و کوردستان نێت و هاوڵاتی و بەڕێز عیسمەت شەریف وانلی و د. جبار قادر، قادر نادر و ئارام زەندی و کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە و ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان و ١٢ نووسەرەکە، نابێت لە یاد بکرێت.**

**ئەوەی سەیرە و دەمانباتە گومانەوە ئەوەیە، ئەمڕۆ کە پرۆسەی دادگایی کردنی وەفیق سامەڕائی لە ئارادایە کە گروپێکی عیراقی و کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە بە یەکەوە پێی هەڵدەستن، بیروڕای کوردی بە دەنگ ئەو دادگاییە نایەن. ئەگەر دادگایی کردنەکە ناڕەوایە بۆ کەسانێک نایەن داکۆکی لەو بێتاوانە بکەن!**

**وەڵام**

**٢٨٠٨٢٠٠٢**



www.kurdistannet.org